کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 24-6-2007 18:09

## بۆگەنیوی سیاسەتێکی نەزۆک ... عومەر ئەمین عەلی

ڕانیە 2007/5
omer_raniya@yahoo. com

لەدوای ئەوەی کە تورکە عوسمانیەکان چەند سەدەیەك لەژێر سایەو سێبەری ئاینی ئیسلامدا خزمەتێکی زۆریان بەنەتەوەکەی خۆیان گەیاند و مافی نەتەوەکانی تریان پێشێلکرد، لەئەنجامی ملهوڕی و نەزانین و خۆبەگەورە زانینی سوڵتانەکانیان، خۆیان و جیهانی ئیسلامیان گەیاندە نقوم بوون وفەوتان لەبەر دەم ویست و بەرژەوەندیەکانی ڕۆژ ئاواییەکان، جا وەکو پەلە قاژەیەکی مەرگ لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا گەلانی دەوروبەرو جیهانی ئیسلامیان کرد بەقوربانی مانەوەی نەتەوەکەی خۆیان، ئەوەبوو بەنهێنیەوە پەیمانی لۆزان جێگەی پەیمانی سیڤەری گرتەوەو تورکەکان مانەوەی خۆیان مسۆگەر کرد و میللەتی کوردیش لەم نێوانەدا بووبەقوربانی ئەم سیاسەتە چەوتە. بۆیە کورد لەوکاتەوە بەردەوامە لەخەبات و تیکۆشانەکانیدا بۆ گەڕاندنەوەی مافە سەرەتاییەکانی، بەڵام تورکەکان بەوەندەش ڕازی نەدەبوون کە ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکان ناوی کورد بێنن بە (کوردە یاخی بووەکان) بەڵکو تورکیا نازناوی تورکە شاخاویەکانی لێنابوون. بیروباوەڕی ئەتاتورکیەت لەپێش هەموو شتێکەوە بەرژەوەندیەکانی تورکیا ڕەچاو دەکات ئەگەر لەسەر کێشە چارەنوس سازەکانی گەل و نەتەوەکانی دیکەش بێت، لە درێژایی مێژودا نەتەوەیەك نەماوە کە تورکەکان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا دەست درێژیان نەکردبێتە سەر، لەهەر وڵاتێك لەوڵاتانی دەوروبەرەوە بۆئاسیای ناوەڕاست و بۆ ڕوسیاو وڵاتانی باکوری ئەفەریقاو ئەوروپای ڕۆژ هەڵات و تەنانەت فیەنا بێبەش نەبووە لەو دەست درێژیانەی تورکیا، هەر لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی میللەتێکی سی ملیۆن کەسی ئەنجام دەدا، وەهەمیشە مەترسی ئەوەیان هەبووە کە کورد ببێت بەخاوەن دەسەڵاتێك، لەبەرئەوەی ئەوان لەهەموو کەس چاکتر دەزانن کورد میللەتێکە پەنا بۆبەر چارەسەری ئاشتیانە دەبات و کێشەکان لەبەرژەوەندی ئەودا دبلۆماسیانە تەواودەبن، بەڵام کاتێك کەهەموو دەرگاکانی لی داخران و کەلەی گرتی و دەستی دایە چەك، زەبرەکانی کوشندەن و کەس خۆی بۆ ناگرێت، مێژووش ئەوەی سەلماند کە ئەنفال و چەکی کیمیاویش نەیان تواندەوە. جائێستا کە سەردەمەکە گۆڕاوەو دنیا دونیای بەجیهان بوونە، تازەبەتازە سەرکردەکانی تورکیا خەونی سیڤەر و لۆزان دەبینن، وا دەزانن سەردەمی سوڵتانەکانەو بەفەرمانێك دەتوانن نەتەوەیەکی وەکو ئەرمەن یان کورد لەتورکیادا بنبڕبکەن، تورکەکان لێرەدا بەهەڵەداچوون، تورکیا تا زووتر کێشەی کورد چارەسەر بکات زوتر دەچێتە پەرلەمانی ئەوروپاوەو لەزۆر کرێ کوێرە ئابوری و ڕامیاریەکان ڕزگاری دەبێت، کەس وەکو تورکیای بۆ نەگونجاوە بۆ چارەسەری کێشەکان. کوردەکان بەچەکدار و سیاسەت مەداریانەوە دەستی برایەتی و بەیەکەوە ژیان بۆ تورکەکان درێژ دەکەن بۆ ئەوەی تورکیا بەئارامی بژیەت، بەڵام ئەوان ئەم هەڵوێستە ئاشتی خوازانە ڕەددەکەنەوەو بەتۆپ و تەیارەو تانك وەڵامیان دەدەنەوە، بەڵام دیارە ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بەکوردو نەتەوەکانی دیکە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتە بەخۆیانەوە، کە ئەم عەقڵیەتە بەهیچ شێوەیەك



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لیرەی شکست هێناوی تورکی ناگەیەنێتە ڕێزی یۆرۆ، خۆشیان ئەم ڕاستیە چاك دەزانن، بۆیە بەلای ئەوانەوە لەوسەردەمەدا گرنگ نیە بچنە پەرلەمانی ئەورپاوە، بەبۆچونی ئەوان پارویەك ماوە قوتی بدەن، ئەوسا بەگرو دوگەڵ و بڵێسەی بابە گورگوڕەوە لە ژێر ناوی ولایەتی موێلدا کورسیەکەی سەری سەرەوایان بۆ دابین دەکرێت لەپەرلەمانی ئەوروپا، هەربۆیەشە بەلای چارەسەری کێشەی کوردا ناچن و بەهەموو شێوەیەك دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، میللەتی تورکی بەستەزمانیش هەر هەمان سیاسەتەکەی ئەتاتورکە جارێك لەبەرگی ئیسلامیدا وجارێك لەبەرگی عیلمانیەتدا نیشانیان دەدرێت، من بەدڵنیاییەوە بەتورکەکان دەڵێم ئەوەی ئێوە بیری لێدەکەنەوە تێپەڕی و بەسەرچوو، پەرلەمانی ئەورویپیش چاك دەزانێت قبوڵکردنی تورکیا لەناویدا بۆمەبەستی بەئەوروپا کردنی تورکیایە لەڕوی مامەڵەکردنیەوە لەگەڵ ماڤەکانی مرۆڤ وکێشەکانی دەوروبەردا، وەکو کێشەی کورد و کێشەی دورگەی قوبرێ، چونکە گومان لەوەدانیە کەویستی پەرلەمانی ئەوروپا بۆڕاکێشانی تورکیا هۆیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ بەهێزی باری ئابوری تورکیا، بەڵکو بەپێچەوانەوە باری ئابوری تورکیا شکستە، بۆ ڕاستی ئەم باسەش تائێستا بەریتانیا ئامادەنیە واز لە لیرەکانی خۆی بێنێت لەمامەڵە ئابوریەکانی یەکیەتی ئەوروپا بە یۆرۆ. وەبا تورکەکان وانەزانن ئێستاش بەرەی پێشەوەن لەجەنگی نێوان بلۆکی ڕۆهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئەم سەردەمە کوردستان شوێنێکی کاریگەر و بەرەی جەنگێکی بی چەکە لەپێناوی دیموکراتیەت و بەیەکەوە ژیاندا، ئەمەریکا وەکو سیاسەتەکانی پاشا کوێرە، لەهەر شوێنێکی گرنگدا لەسەر زەوی قەلایەکی پۆلایین بۆخۆی دادەمەزرێنێت، لە ئەوروپا قەڵای بۆسنەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەڵای کوردستان و لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیاشدا ئەفغانستان و تایوان و کۆریای باشور، وە هەرکاتێکیش هیند و پاکستان گوێڕایەڵی ویستەکانی ئەمەریکا نەبن ئەوا هەرێمی کشمیر بەهەردووك بەرەکەیەوە ئامادەکراوە بکرێت بە قەڵایەك لەو قەڵایانە، لە ئەفەریقاشدا باشوری سۆدان کە زۆربەی دانیشتوانەکەی لەپەیڕەوانی ئاینی مەسیحن، وەهەروەها هەرێمی دارفۆریش لە ئامادەکرندایە ئەگەر دەوڵەتانی دەوروبەر گوێڕایەڵی ویستەکانی ئەمەریکا نەبن ئەوا ئەویش لە داهاتویەکی نیمچە نزیکدا دەکرێت بە قەڵایەك، خەڵکانێك لەکۆریاوە هاتون یارمەتیمان دەدەن، کوردستانمان لەگەڵ ئاوەدان دەکەنەوە، باخچەو دارستانمان بۆ دەچێنن، بە شێوەیەکی سەردەمیانە فێری پێش کەوتنە زانستیەکانمان دەکەن، ئۆتۆمۆبیل و پێداویستیەکانی باخچەی ساوایان و قوتابخانەکانمان بۆ دابین دەکەن، تەنکەری نەوت و کازمان بۆدێنن بە دیاری، بە ئاشکراو بەخەتێکی جوانیش بەهەردووك زمانی کوردی و کۆریش لێنان دەنوسن [ هەرێمی کوردستان، دیاری گەلی کۆریا بۆ گەلی کورد، تیپی زەیتون] تورکیای جیرانیش لەبنەوپاڵەوە ئاژاوەمان بۆ دەنێتەوە و هەڕەشەمان لێدەکات، چاوی بەرایی نادات ئەم تانکەرانەی کە لەکۆریاوە هاتون و ناوی هەرێمی کوردستانیان لێ نوسراوە بچنە ناو خاکی تورکیاوە و بەپێی ڕیککەوتن نامەیەك لەگەڵیاندا سوتەمەنی بێنن بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی هەرێم و ئەو تەنکەرانە دەگرن و لە ڕێگەی دەریاوە بەسەر پشتی کەشتیەکانەوە دەیاننێرنەوە بۆ کۆریا، ئەمە مامەڵەیکی ژیرانە نیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، کۆریا لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوە لەتەوای هاوکێشەکە گەیشتووە و ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، تورکیاش لەو بنەوپاڵەوە خۆی لی گێل دەکات، دەبو پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لە پەیوەندی هەموو وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بەهێزتربێت، لەلایەکەوە لەپێناوی بەرژەوەندیە ئابوریەکاندا و لەلایەکیشەوە بۆئەوەی تورکیا کەڵك لە تاقیکردنەوە دیموکراتیەکەی هەرێم وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆیدا، دەبو ڕۆژانە سەرکردەکانی تورك لەپەیوەندی دابان لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، چونکە بەدڵنیاییەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:09 24-6-2007

چارە سەری کێشەکە ئەگەر سەدان ساڵی تریش بخایەنێت تەنها لەسەر مێزی ووتووێژکردن کۆتایی پێدێت بەنیازێکی پاك و عەقڵێکی سەردەمیانەوە، من دڵنیام لەوەی کەکورد دەیکات پەرلەمانی ئەوروپا پێی دڵشادە، بیروبۆچونی سەرکردایەتی

کورد و بنەما بنەڕەتیەکانی نەتەوەی کورد لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکاندا، زۆرنزیکن لە ئارەزوو ئاواتەکانی پەرلەمانی ئەوروپاوە، بۆیە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا پەیوەندیەکان بەرەو پتەوی دەڕۆن و بەدڵنیایشەوە دەڵێم ئەگەر تورکیا ژیرانەتر بیر لەو کێشانە نەکاتەوە و چارەسەری سەردەمیانەیان بۆدانەنێت ئەوا هەروەکو چۆن لە ماوە سەدەیەکدا بەهۆی عەقڵیەتی عەسکەرتاریەتەوە لە ئیمبراتۆریەتێکی گەورەوە ئەوەندە بچوك بۆتەوە دەوڵەتێکی ئابوری شکست هێناوی لی ماوەتەوە، بە هەمان شێوە ئەگەر شێوازی مامەڵەکردنەکەی خۆیان نەگۆڕن لەگەڵ کێشەکاندا ئەوا بەپێی نەخشە نوێیەکەی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست کورد لەپێش ئەندامیەتی تورکیاوە دەبێتە ئەستێرەیەکی دۆست لە پەرلەمانی ئەوروپادا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.